سوپای پاسداران کوژرانی چوار ئەندامی خۆی لە هێرشێکی ئیسرائیلی لە سوریا ڕاگەیاند



نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە (20ـی کانونی دووەمی 2024)، ئیسرائیل بۆردوومانی ناوچەیەکی دیمەشقی پایتەختی سووریا کرد و چوار کەس کوژران و یەکێک لەوانیش ناوی حاجی سادق ئومیدزادەیە- یە بەرپرسی هەواگری فەیلەقی قوودسی سەر بە سووپای پاسدارانی ئێران.

لەلایەن خۆیەوە، سوپای پاسدارانی ئێران کوژرانی چوار ڕاوێژکاری بای خۆی لە هێرشەکە ڕاگەیاند کە پێکهاتبوون لە حەج ئەبلە ئومێدوار ناسراو بە (حاج سادق)، هەروەها عەلی ئاغا زادە و حوسێن مەحەممەدی و سەعید کەریمی لە ئەنجامی بۆردوومانی ئیسرائیل بۆ ناوچەی نیشتەجێبوونیان لە پایتەختی سوریا گیانیان لەدەستدا.